www.kurdistannet.org
16-7-2006 15:19بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# بۆ/ سەرجەم کوردە بەڕێزەکانی دانیشتووانی ستۆکهۆڵم، ... براتان.. ڕێبوار حەسەن

بابەت/ بانگەواز
سڵاوێکی کوردانە..
من وانزیکەی هەشت ساڵە ئەندامی شارەوانی شاری ستۆکهۆڵمم و چالاکانە ئەرکەکانی خۆمم ئەنجام داوە، سەرەڕای ئەوەش سەرۆکایەتی کۆمپانیای ئاوی شاری ستۆکهۆڵمم لەئەستۆدایە و هەمەجۆر کاری مرۆڤایەتی لابەلام ئەنجام داوە. ئەمساڵ لەناو لیستی پارتی سەوزدا کاندیت کراوم بۆ شاری ستۆکهۆڵم، لێرەدا ڕووی دەمم ئەکەمە ئێوەی بەڕێز و داواتان لێدەکەم وەک هاوزمانێکی خۆتان وەک دڵسۆزی نەتەوەکەم دەنگی پیرۆزتانم پێببەخشن حەزدەکەم ئەوەشتان پێڕابگەیەنم بەندە پێویستم بەتەنها لەسەدا هەشتی دەنگەکانی پارتی سەوزە لەشاری ستۆکهۆڵم، ئەورێژەیەش دەکاتە نزیکەی دووهەزار دەنگ، پێمخۆشە ئەوەش ڕوون بکەمەوە کەئەوژمارەی دەنگانەی من پێویستم پێیەتی زۆر زۆر کەمترە لەو دەنگانەی برادەرەکوردەکانم لەپارتەکانی تردا پێویستیان پێیەتی، جا لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی پێتان ڕابگەیەنم کە بەفیڕۆنەدانی دەنگی ئێوەم لا مەبەستە، ئیتر ئەوە من و دڵسۆزی ئێوەی بەڕێز لە مانگی نۆی ئەمساڵدا بەیەک دەگەین بۆ ئەوەی بە هەردولامان کاردانەوەمان هەبێت لەسەر سیاسەتی وڵاتی سوید لەهەمبەر چەمکی مرۆڤایەتی بە گشتی و کوردە خۆشاویستەکان بەتایبەتی. بێگومان بەهاوکاری کوردە دڵسۆزەکان بەندە ئەجندایەکی بەهێزم بۆ بەرژەوەندی گشتی داناوە و، دڵنیاتان دەکەم خاڵ بەخاڵی ئەو ئەجندایە پیرۆزە لەلام و لەکۆششدادەبم بۆ وەدیهێنانی. ئەو خاڵانەش بریتین لە :

1/دانەدوواوەی فرۆشتنی چەک بەو دەسەڵاتانەی کە دژی گەلەکەی خۆیان بەکاری دێنن، بەتایبەتی تورکیا، ئێران، سوریا... هتد

2/هەوڵدەدەم بۆ نەهێشتنی ئەویاسایانەی کەدەوڵەتە دیکتاتۆرەکان بەکاری دێنن، کەوا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان نییە دەست بخاتە نێو کاروو باری نێوخۆییانەوە و بەتایبەتی لەبوواری چەوساندنەوەی کەمەنەتەوایەتییەکانی ناویان، بۆنمونە چەوسانەوەی کورد لەلایەن ئێران و تورکیا و سوریاوە، باسکەکان لەلایەن ئیسپانیاو... هتد

3/کۆشش کردن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و تەکنۆلیژیاو پەرەپێدانی پەیوەندییە فەرهەنگییەکان لە نێوان وڵاتی سوید و کوردستانی باشوردا.

4/ هاندانی ڕێکخراوە مرۆییە سەربەخۆ سڤیلەکانی کوردوستان و یارمەتیدانیان بۆ چالاکترکردنی کارەکانیان، بە تایبەتی ئەو ڕێکخراوانەی لە بوواری منداڵ و پەککەوتە و ژینگە و یەکسانیدا چالاکن.

5/کۆششدەکەم بۆ خاوێن کردنەوەی ژینگە لەڕێگای کردنەوەی مەڵبەندێکی سەرەکی ئەو بووارە لە کوردستاندا.

6/کۆششدەکەم وڵاتی سوید هەموو ئەو پەنابەرانەی بۆی هاتوون دابینیان بکات و بەپێی ڕێکەوتننامەی جنێڤ مامەڵەی مرۆییان لەگەڵ بکرێت و ڕێ و شوێنی شیاوی خۆیان پێبدرێت.

بەڕێزان.. ئەمە کورتەیەک بوو لەو ئەجندایەی کەبەتەمام کۆششی بۆ بکەم، جا بەپشت بەستن بەدەنگی ئێوەی بەڕێز دەگەمە ئەو مەبەستە پیرۆزە، هیوادارم لەشوێنی باوەڕی ئێوەی بەڕێزدابم و بۆ ئەو کارە پەسەندمبکەن.
ئیتر بەهیوای پشتگیریتان لە سندوقەکانی دەنگدان و بە سەرفرازیتان ئەسپێرم.
جوانترین سڵاورێزی
براتان.. ڕێبوار حەسەن
ستۆکهۆڵم...

E-post: rebwarh@hotmail. com
www. rebwarhassan. com
Mobil: 0046-73-914 35 25
Home: 0046-8-760 80 51